# له بەرلینەوە ئازار و فرمێسکی دووسەدهەزارمان گەیاندە بەغدا

**مستەفا چوارتایی**
chuartaiy@gmail.com

له ژێر ڕەهێڵەی باراندا، یەک یەک و دوو، بەرەو باڵیۆزخانەی ئێراق له بەرلین کەوتینە ڕێ، هەندێک بە چەترەوە و هەندێکیش بێ چەتر، بە هەڵواسینی وێنەی قوربانیانی کیماباران و ئەنفالکراو و هەڵگرتنی چەند درووشمێک کە گوزارشی لە سەرجەم گوندنشین و کرێکار و ڕەنجدەر و ئەوانەی کە هەمیشە سووتەمەنی کوورەی شۆڕشەکان بوون، هەروەها لە کەسوکاری نزیکی قوربانییەکان دەکرد. "ئەنفال هۆلۆکۆستی کوردە" و " دەبێت ئەنفال وەک جینۆسایدی گەلی کورد بناسرێت" و "قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی ئەنفال و کیمیابارن" هەروەها "بە دادگایی گەیاندنی تاوانبارن" ئەم درووشمانە لە کاتێکدا جێگای خۆشحاڵی و ڕەزامەندی کەسوکاری قوربانییەکان و دڵسۆزانی دۆزە ڕەواکەی کورد بوون، هەمان کات ترس و لەرزی لە دڵی زۆر کەسایەتی جاشکۆمەڵایەتیدا درووست کرد، هەندێ لە لایەنە سیاسییەکان تا ڕۆژێک بەر لە خۆنیشاندانەکە ئامادەیی تەواویان هەبوو، بەڵام ڕۆژێک پێش خۆنیشاندان کشانەوە، هەندێک کەسی نوێنەریان خۆیان دزییەوە، هەندێک لایەنیش نەک هەر ئامادە نەبوو، بەڵکوو هەندێک لە بەرپرسە بچووک و ناوەندییەکانیان دەیانویست ناو و ناتۆرەی جاشایەتی و دژایەتی کردنی کورد، بدەنە پاڵ چاک، واشیان لە باڵیۆزخانە گەیاندبوو، کە ئەمانە کوردی تورکیان و پەکەکەن، گێرە شێوێنن، تەنانەت خەڵکانێکی ناو باڵیۆزخانە کە تێیاندایە ڕۆژێک کوردستانی نەدیوە، بە سەفیری گوتبوو" پێشوازییان مەکە و بیانکەرە دەرەوە". لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵانەی بۆ لەباربردنی خۆنیشاندانەکە دران، هێشتا هەڵبژاردەیەکی مەزنی هونەرمەند و نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد ئامادە بوون، کە لە 70 کەس زیاتر دەبوون، ئەمە جگە لەوەی کە کەناڵەکانی کورد سات و ڕۆژتیڤی و ڕادیۆی ڕۆژئاوا و چەند ڕۆژنامەیەکی لێبوو، پێش کاتژمێرێک ڕۆژنامەنووسێکی بەناوی ئەڵمانی پێوەندی پێوەکردم، کە لەو مەراسیمەدا ئامادە دەبێت، بەڵام لە سەرەتای خۆنیشاندانەکەدا جارێکی دیکە پێوەندی گرتەوە و داوای لێبوردنی کرد و، زانیارییەکانی خۆنیشاندانەکەی بە تەلەفۆن لی وەرگرتم. دەستپێکی مەراسیمەکەمان بە مارشی نەتەوەیی کورد "ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کوردزمان" بە یەک دەنگ و بە بەرزی خوێند، پاشان خولەکێک بۆ گیانی قوربانییەکانی ئەنفال و ژاربااران وەستاین، دواتر چەند وتار و پەیڤ خوێندرانەوە. دوای ماوەیەک گفتوگۆ لەگەڵ هێزی پۆلسی ئامادەبوو، ڕێککەوتین کە دوو بەشداری ئەم مەراسیمە بچنە ژوورەوە بۆ لای باڵیۆز، ئەو دووانەش خانمی بەڕێز "ڕۆشنا مەحمود و بەندەی نووسەری ئەم بابەتە بوون" سەرەتا پۆلیس پێوەندی پێوە گرتن و گوتی باڵیۆز لەوێ نییە، گوتمان؛ گرنگ نییە دەچینە لای کۆنسوڵ، دوایی فەرمانبەرێکی باڵیۆزخانە هاتە خوارەوە و گوتی: دەتانەوێ کێ ببینن؟

جانابی سەفیر

بۆ چەندە دەتانەوێ بیبینن؟
لە پێنج خولەک بۆ دە خولەک
باشە فەرموون
بە یەک دوو هۆڵدا تێپەڕین و چووینە ژووری دیدار
دوای کەمێک دانیشتن، جەنابی باڵیۆز هات و بەخێرهاتنی کردین
سەرەتامن داوام لێ کرد کە ناوی خۆییم پێ بڵێ، هەرچەند زووتر دەمزانی بەڵام وەستانی بەر باران و دووری ڕێگا بۆ بەرلین و سەرمابوون لەبیری بردبوومەوە،
ناوم عەلا هاشمییە، ئەی تۆ تورکی؟
دیاربوو باڵیۆز لەوە زۆر دڵگران بوو کە ناوی نازانم، بەو حسابەی لای ئەو ئێراقیم و خۆم هەڵە دەکەم، یان نامەوێ بیناسم، گوتم:
نەخێر کوردم
چ ناوچەیەک؟
سلێمانی
باشە بەخێربێن
سوپاست دەکەین
فەرموون
باڵیۆزی بەڕێز
ڕۆشنا خانمیش خۆی ناساند
دووبارە دەبوو من بپەیڤم چونکە دۆسییەکە لای من بوو
باڵیۆزی بەڕیز، ئێمە نوێنەری چەندین ڕێکخراوی جەماوەری و کولتوورین بە هاوکاری ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد ـ چاک، هاتووین ئەم بیرخەرەوە و داواکارییانە کە هەرمەموویان سادە و مرۆڤایەتین، لە ڕێگەی بەڕێزتەوە بگەیەنینە سەرۆکایەتی دادگا و حکومەت و کۆماری ئێراق... داوا کارییەکانیشمان ئەمانەن، ئەنفال بەفەرمی وەک جینۆسایدی گەلی کورد بناسن، قەرەبووی زیانلێکەوتوون بدەنەوە
باڵیۆز: ئەوە لەبەرنامەی حکومەتدا هەیە.

هەروەها دەوڵەتی ئێراق بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات.

باڵیۆز: من خۆم ئۆپۆزۆسیۆن بووم و تێکۆشەر بووم و هەر واش دەمێنم، بەڵام ئێوە لە جیاتی باڵیۆزخانە دەبوو بچنە ناوەندە ئەڵمانییەکان، نێودەوڵەتییەکان، کێشەی ئەنفال و هەڵەبجەیان بخەنە بەر چاو، ئێمەی ئێراقی هەموو دەیزانین، هەرچەند هەڵەبجە لە ڕاگەیاندندا مافی خۆی زیاتر وەرگرت.

بەڕێز، هەڵەبجە هێشتا وێرانە، بۆ زانینتان هەر هەڵەبجە نییە کە ژارباران کراوە، ئێمە زیاتر لە 485 گوندمان دووچاری هێرشی کیمیایی بووەتەوە، بالیسان، شێخ وەسان لە 450 کەس یەکێکیشیان دەرنەچوون تەنانەت باڵدار و ئاژەڵەکانیشیان خنکان، لە قەرەداغ گوندی سەوسینان زیاتر لە 130 کەس شەهید بوون، قزلەر و شاناخسێ و سەردەشت و چەندین شوێنی دیکە، سەرەڕای بۆمبارانی بانە کە لە چەند خولەکێکدا زیاتر لە 3000 کەس بە بۆمبی فڕۆکەکانی ئێراق شەهید بوون، ئێمە دەیان شوێنی وێرانکرا و هەزاران قوربانی بێ ناومان هەیە.
راستە ئەمڕۆ مەحکەمە باسی بالیسانی دەکرد.
مەحکەمەکە، زۆر دڵمان پیی خۆش نییە و درێژە دەخایەنێت
نا زۆر ناخایەنێت و کورد گوشار دەکەن، کە زوو ببڕێتەوە.
هیوادارین وابێت.

رۆشنا مەحمود: ئێمە دەیان چالاکی لەو جۆرەمان کردووە، چووینەتە ناوەندە ئەڵمانییەکان، وەزارەتەکان، بەردەمی پەرلەمان، بە مەش ناوەستین دەیبەینە نەتەوە یەکگرتووەکان

باڵیۆز: من خۆم لەگەڵتانم داواکارییەکان رەوایە، هەرچەندە من لەگەڵ ئەو داوای لێبوردنەدا نیم، چونکە ئەوانەی ئەو تاوانانەیان ئەنجام داوە، ئێستا لە قەفەزی دادگادان و ئەوە باشترین پاداشت و لێبوردنە بۆ کەس و کاری قوربانییەکان، ئەو شتەش کۆن بووە.
ئنجا بەندە هاتمەوە وەڵام: نەخێر کۆن نابێت، ئیتالیا دوای شەست ساڵ داوای لێبوردنی لە گەلی لیبیا کرد، یابان داوای لێبوردنی لە چین کرد، ئەڵمانیاش لە ئیسرائیل، داوای لێبوردن هیچ لە هەیبەت و نرخی دەوڵەتی ئێراق کەم ناکاتەوە.
رۆشنا مەحمود: هەتا ئێستاش، هەر سەرۆکێکی ئەڵمانیا کە دەچیت بۆ ئیسرائیل داوای لێبوردن دەکات،
باڵیۆز : ئەوە خۆزەلیل کردنە، بێ مانایە، دوای ئەو هەموو ساڵە و قەرەبووی زیان و لەدایکبوونی چەندین نەوەی نوێ چ پێویست بەوە ناکات.
بەندە:
بە پێچەوانەوە، دەبێت جینۆدسایدمان هەردەم لەیادبێت تا لە داهاتوودا دووبارە نەبێتەوە.
باڵیۆز: من نەمزانی کە ئێوە ئەو کەسانەن، بەخێر هاتن، باشتێکتان بۆ داواکەم، مەترسن وەک رژێمی پێشوو ژەهری تێ ناکەین.
باشە هەر ئاو دەخۆینەوە
کاتێک دەبیستم یان دەبین دەڵێن خۆنیشاندان لەبەر باڵیۆزخانەدا دەکرێت، هەست بە مەترسی دەکەم، نازانم چۆن دەبێت، یەکسەر پێوەندی بە حیزبە کوردییەکانەوە دەکەم، کە ئەندامیان لێرە لە باڵیۆزخانە کارمەندن، من وام نەبیستووە کە ئێوە بەم جۆرە بن

باڵیۆزی بەڕێز، ئەوانەی دەیانبینی لە دەرەوە لەو بەربارانە وەستاون، هەموویان هەڵبژارەدی خەڵکی کوردن واتە "نخبەن" لە هونەرمەند و رۆشنبیر و نووسەر، ئەوانە بەردهاوێژ و گێرەشێوێن نین
زۆر بەخێربێن دەتوانن ئەوانیش بێنە ژوورەوە، دەرگامان کراوەیە، بەڕاستی هەر خەڵکی خۆتان کە لێرەیە بەمنیان گوت ئەوانە هیچ نین و هەر پێشوازیشیان مەکە، بەڵام من گوتم نەخێر، دەبێت هەر خۆم بیانبینم و گوێیان لێ بگرم، دڵنیابن بە ئەمانەتەوە داواکارییەکانتان دەگەیەنم.
رۆشنا مەحمود، رەنگبێت ئەو کارەی ئێمە پێی هەستاوین جێی رەزامەندی حیزبەکانیش نەبێت، بەڵام ئەوە داوای گشتی خەڵکە
راستە ئاخر ئەوەش دیموکراتییە، بەڵام ئاخر کە ئەڵمان ئێستا ئێوە دەبینێ تێناگا مەسەلە چییە، وا دەزانن وەک جاران ئێوە نەیاری دەوڵەتن و دژی ئێراقن
رۆشنا مەحمود: نەخێر ئێمە نەدژی ئێراقین نە دژی دەوڵەت و حکومەت، بگرە نیوەی حکومەتیش خۆمانین، ئەم داواکارییانەشمان بە ئەڵمانی بە ناوەندە ئەڵمانییەکان گەیاندووە، واتە ئەوانیش وەک تۆ دەزانن چیمان دەوێت.
بەندە: باڵیۆزی بەڕێز ئەگەر سبەی، ئێوەی شیعەش ئەم داواکارییانەتان هەبێت دڵنیابن پشتگیرییتان دەکەن.
بیرخەرەوەکەمان دایە دەستی و دیدارەکەمان زۆرتری لە کاتی خۆی خایاند و وادیار بوو کە باڵیۆز لێمان تێگەیشت و پێی خۆش بوو زیاتر گفتوگۆ بکەین.
دەبارەی باڵیۆزخانە، ماڵی خۆتانە، هەردەم کراوەیە،
بەندە
باڵیۆزی بەڕێز، زمانی کوردی زمانی فەرمییە، بۆ تەنیا لە ماڵپەڕی باڵیۆزخانەدا، بە عەرەبی و ئەڵمانی نووسراوە و، بەشە کوردییەکشی لە وشەی"کوردی" کە یەک وشەیە زیاتر نییە؟
. وەرە ئەوە کارمەندە کوردەکانی خۆتان، خەتای ئەوانە لە سەرەتاوە پێیان دەڵێم بایەخی پێ بدەن و یەکێکمان بۆ ببیننەوە کە بەشە کوردییەکە لە ئەستۆ بگرێت، بەڵام کەمێک پارەمان لی وەرگرێت، زۆر گران نەبێت
بەڕێز، ئەوە کەی پارەی دەوێت، هەر ئەوانەی لێرەن پێیان دەکرێت ئەگەر بتانەوێت.
بەڕێز لە باڵیۆزخانەکانی دیکە، خەڵکی زۆر گازندەیان هەیە، هیوادارین ئێوە کارەکانی خەڵکی بە باشی راپەڕێنن.
کاکە وەڵڵاهی ئەگەر محەمدیش خۆی زیندوو بێتەوە، ئەوا خەڵکی ئێراق هەر رازی نابن، ئێمە ئامادەی هاوکارین لەگەڵ هەموو لایەک، تکایە رای خۆتانمان بۆ بنووسن.

باڵیۆزی بەڕێز، ئێمە نامانەوێت زیاتر لە کاتتان بگرین، سوپاس بۆ پێشوازییەکەت، ئێمە هیچی دیکەمان نەماوە.
زۆر بەخێربێن و دڵنیا بن بە ئەمانەت دەیگەنم.

مالئاوا
ئەمە کورتەی گفتوگۆ و دیدارەکەمان بوو.

